مەسرور بارزانی یادی بەردوومانی زانکۆی سلێمانی و قەڵادزێ دەکاتەوە



ئەمرۆ چوارشەممە (24ـی نیسانی 2024)، مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی کاربەڕێکەری هەرێمی کوردستان لە 50هەمین ساڵیادی بەردوومانکردنی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی، لە پەیامێکی نووسراودا بڵاویکردەوە، "نیو سەدە لەمەوبەر، ڕژێمی بەعس قەڵادزێی بەردوومان کرد و سەدان کەسی بێتاوانی شەهید و بریندار کرد، جگە لە وێرانکردنی شارەکە"، هەروەها لە ساڵی 1982، ڕژێمی بەعس "خۆپێشاندانێکی شارەکەی گوڵەباران کرد کە بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی بەردوومانەکە ئەنجامدرا بوو. سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوەش دەکات، شەهیدانی بەردوومانی قەڵادزێ و زانکۆی سلێمانی "هەمیشە لە یادمانن".

50 ساڵ لەمەوبەر چەند فڕۆکەیەکی حکومەتی بەعس قەڵادزێیان بەردوومان کرد. 134 هاونیشتمانی شەهید و 150ـی دیکەش بریندار بوون، هەروەها نزیکەی 200 خانووش بەهۆی بەردوومانەکانەوە ڕووخان. بەشێک لەوان خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بوون، چونکە ئەوکات لە ترسی حکومەتی بەعس زانکۆکەیان گواستبووەوە قەڵادزێ.